دەورەی دووهەم، ژمارە( ٤٥ ). نیوەی یەکەمی خاکەلێوەی ١٣٨٤ شۆڕش ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

# "داکۆکی لە مافی خەڵکی کوردستان یان پلانێك بۆ کۆکردنەوەی ئابڕوو"

هیدایەت قادری

- **ئیسلاحخوازانێك کە دژی بزووتنەوەی کوردستان بوون و هەتا ماوەیەك لەوە پێش هاوکار و بەشێك لە دەزگای سەرکوت و زوڵمی رژیم بوون تۆ بڵێی بە ناوی کورد بوون و تێکەڵ کردنی مەسەلەی کورد بە کێشەی سوننی و شیعە بتوانن جێگەیەك بۆ خۆیان بکەنەوە. بێ گومان گەلی کورد باوەڕیان بەم جەنابانە و حیزبە دەستکردەکانیان نییە و باش دەزانن مەبەستی ئەم کۆبوونەوانە وێڕای هەندێك کێشمەکێشی ناوخۆیی، بەلاڕێدا بردنی خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان و ئامانجەکانی شۆڕشی رزگاریخوازانەی کوردستانە.**

دووهەمین کۆبوونەوەی ئیسلاحخوازانی کورد بە ئامادە بوونی دەبیران، نوێنەرانی حیزب و رێکخراوەکانی ٢ی خوردادی پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، کوردستان و ئازربایجانی رۆژئاوا، لە شاری کرماشان بەڕێوە چوو. ئەم کۆبوونەوەیە کە دووهەمین هاوئەندێشەیی ئیسلاحخوازانی کورد بوو لە ژێر ناوی "داخوازی کوردەکان و گوتاری ئیسلاحی" بەڕێوە چوو کە یەکێك لە سازماندەران و بەڕێوەبەرانی ئەم دانیشتنە، عەبدوڵڵا رەمەزانزادە وتەبێژی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بوو. رەمەزانزادە لەم کۆبوونەوەیەدا چەند قسە و باسێکی لە پێوەند بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری و چۆنیەتی بەشداری کوردەکان لەم هەڵبژاردنانەدا خستە بەردەم ئامادە بووانی ئەم کۆبوونەوەیە کە لێرەدا بە کورتی چەند قسەیەك لە سەر وتەکانی ئەم ئیسلاحخوازە دۆڕاوەی رژیم دەکەین. رەمەزانزادە باسی لەوە کردووە کە "ئەگەر بەشی کوردەکان لە هەڵبژاردن و دەسەڵاتدا روون نەبێتەوە لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەین و دەبێ گەرانتییەك بۆ دەستەبەر کردنی بەشی کوردەکان هەبێت.

ئەو لە درێژەی قسەکانیدا وتوویە: "ئەگەر دەسەڵات بە شێوەیەکی دادەپەروەرانە دابەش بکرێت، دابەش بوونی سەروەت و سامانیش هەر بەم شێوەیە دەبێت و ئێمە لەم پێناوەدا هەوڵ دەدەین".

لە پێوەند لەگەڵ ئەم قسانەی رەمەزانزادەدا روون کردنەوەی دوو خاڵ پێویستە:

یەکەم: ئەم قسانەی رەمەزانزادە بەرلەوەی دڵسۆزی و داکۆکی لە مافی نەتەوەیی کورد بێت کە ئەم جەنابە لە هیچ جێگەیەك ئاماژە بە نەتەوە بوونی کورد ناکات، دان پێدانانە بە شکستی بە تەواو مانای رەوتی ئیسلاحات و سووك بوونی مۆرەکانیەتی. شێعارە رازاوەکانی

خاتەمی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە وەك ئامرازێك بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی چاویان لێدەکرا و لێدەکرێ. پرۆژەی ئیسلاحاتی دەوڵەتی و لە سەرووی هەمووان محەمەد خاتەمی کە هەڵقوڵاوی هەل و مەرجی نوێی سیاسی ئێران و گوشار و چوونە پێشی بزووتنەوەی خەڵك بوون بە مەبەستی هێور کردنەوەی ئیعتراز و ناڕەزایەتی خەڵك و سەر سامان دان بە هەل و مەرجی ناوخۆیی و دەرەکی هاتنە مەیدان شکستیان خوارد.

ئەم کرانەوەی درگای رەحم و شەفەقەتی خاتەمی و بوار دان بە بیرجیاوازان و کرانەوەی کەش و هەوای سیاسی نەبوو، بەڵکوو جیا لە ترس و نیگەرانی لە تەقینەوەی خەڵکی ئێران بانگەواز بوو بۆ سەرمایەدارانی دەرەکی کە بۆچی لە ئێران سەرمایە گوزاری ناکەن و هەوڵێك بوو بۆ رەواندنەوەی تەمی دەرەکی و رازاندنەوەی سیمای نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامی. هەموو مەبەستە ورد و دروشتەکانی پرۆژەی ئیسلاحات بە شێوەی سەر شۆڕانە تووشی شکست و داڕمان هاتن. لەم پێناوەدا مۆرە و هەڵسووڕاوانی رەوتی ئیسلاحخوازی دەوڵەتیش زیاتر سەنگ و شەرعیەتیان لە دەست دا و لە ناو جەماوەر دا ئەوەندەی تر سووك و بێ ئابڕوو بوون.

یەکێك لە مەبەستەکانی رەمەزانزادە و سینگ و بەرۆك دادڕینی ئەم دڵسۆزەی رژیم بۆ کوردەکان ئەوەیە کە بەم شێوەیە و لە ژێر ناوی دیفاع لە مافەکانی خەڵکی کوردستان جارێکیتر خۆی وەك دڵسوز و لایەنگری خەڵك بناسێنێ و بەم جۆرە خۆی تەرح بکاتەوە. بێگومان ئەم هەوڵەی رەمەزانزادە نەزۆك دەبێت و خەڵکی کوردستان بە هیچ شێوەیەك فریوی رەمەزانزادە ناخۆن. یەکێك لەو مۆرانەی کە رژیم هەوڵی داوە وەك نوێنەری خەڵکی کوردستان بیناسێنێ و لە رێگەی ئەوەوە بزووتنەوەی کوردستان بەلارێدا بەرێت و لە رەسەنایەتی بخات جەنابی وتەبێژی دەوڵەت بووە. بە کورتی قسە و باسی رەمەزانزادە و داکۆکی کردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی ئابڕووی لە دەست چووی ئیسلاحخوازان و پیلانێکە بۆ ئەوەی جارێکیتر کەسانی وەك رەمەزانزادە بتوانن لە ناو خەڵکی کوردستاندا جێگەیەك بۆ خۆیان بکەنەوە.

دووهەم: هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئیسلامی نزیکە. وردە فەرمایشەکانی رەمەزانزادە و باس کردنی لە بەشی "کوردەکان" بازار گەرمییە بۆ بەشداری زۆرتر و زیاتری خەڵك. بێ هۆ نییە کە ئیزن بە ئاغای رەمەزانزادە دەدرێت باس لە بەشی کوردان بکات. ئەم کۆبوونەوانە جۆرێکەن لە ئامرازەکانی پڕووپاگەندەی رژیم بە مەبەستی بەشداری دانی زیاتری خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریدا. هەموو مۆرەکانی رژیم بە ئیسلاحخواز و پاوانخوازەوە بە هەر شێوەیە لە دەستیان بێت بازاڕی تەبلیغاتی هەڵبژاردنەکانی ئێران گەرم دەکەن. قۆناغی ئێستا و هاتنە مەیدانی خەڵك بۆ هەموو لایەنگرانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی گرنگە. پرۆژەی ئیسلاحات شکستی خوارد و هیچ چارەسەرێکی هەل و مەرجی ناوخۆیی و دەرەکی نەکرد، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی لە بەردەم ئاڵوو گۆڕ دان، ئێران یەکێك لەو دەوڵەتانەیە کە گوشارێکی لە رادەبەدەری ناوخۆیی و دەرەکی لە سەرە، ئەمریکا هەتا پشت سنوورەکانی ئێران هاتووە و ... بە گشتی کۆماری ئیسلامی زۆرتر و زیاتر کەوتۆتە لەرزین.

لێرەدا کە هەموو پارێزەرانی رژیم و یەکێك لەوانە رەمەزانزادە مەبەستیان ئەوەیە کە لە بە ناو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا رێژەیەکی بەرچاو لە خەڵك بەشداری بکەن، هەتا بەم شێوەیە نیشان بدەن کە خەڵکی ئێران پشتیوانییان لێدەکەن و بە بیرو ڕای گشتی بڵێن دەسەڵاتی ئێمە دەنگی خەڵکی لە پشتە. بەم جۆرە مەبەستێکی تری ئاغای رەمەزانزادە لە بنەڕەتدا دڵسۆزی زیاترە بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی و راکێش کردنی زیاتری خەڵکی کوردستانە بۆ پێی سندووقەکانی دەنگدان. پێویستە بوترێ ئەوەندە کە قسە و باسەکانی رەمەزانزادەش بووە هۆی ئەوەی هەستی شوینیستی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی بریندار بێت و لەو بوارەوە دژکردەوەی توندیان نیشاندا. بیری شوینیستی لە ئێران هەتا ئەو رادەیەیە کە ئیزن بە دڵسۆزێکی وەك رەمەزانزادەش نادات کە ناوی گەل و نەتەوەکانیتر بێنێتە سەرزار. زۆربەری نوێنەرانی مەجلیس و کاربەدەستانی رژیم قسە وباسەکەی رەمەزانزادە لە کرماشان بە دژی ئەمنیەتی میللی و بە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی زانیوە. زۆربەیان دەڵێن ئێران نەتەوەیەکی گەورەی تێدایە و ئەویش میللەتی ئێرانە.بەڵام فرە نەتەوە بوونی ئێران بڕیارێکی مێژووییە و هیچ کام لەم جەنابانە ناتوانن نکۆڵی لێبەکەن.

لە دوا رۆژی ئێرانیشدا یەکێك لە پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی هەر دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیك، پاراستنی مافی هەموو نەتەوەکانی ئەم وڵاتەیە.

ئیسلاحخوازانێك كه دژی بزووتنەوەی كوردستان بوون و هەتا ماوەیەك لەوە پێش هاوكار و بەشێك له دەزگای سەركوت و زوڵمی رژیم بوون تۆ بڵێی به ناوی كورد بوون و تێكەڵ كردنی مەسەلەی كورد به كێشەی سوننی و شیعه بتوانن جێگەیەك بۆ خۆیان بكەنەوە؟ بێ گومان گەلی كورد باوەڕیان بەم جەنابانە و حیزبە دەستكردەكانیان نییە و باش دەزانن مەبەستی ئەم كۆبوونەوانە وێڕای هەندێك كێشمەكێشی ناوخۆیی، بەلاڕێدا بردنی خەباتی رەوای خەڵكی كوردستان و ئامانجەكانی شۆڕشی رزگاریخوازانەی كوردستانە.

***